

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی "پرۆژەی چەتر"

## لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی

سازدانی: Maria Erikssonماریا ئێریکسۆن

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: پەخشان بابان

# "پیاو حەزی لە ژنی لاوازە"

- **هیچ سوودێکی نییە کە بڵێن خەڵکێک هەیە دواکەوتووە. من چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە حکومەتی سوێد هاوکاری حکومەتی کوردستان و وڵاتانی تر بکات.**
- **لاوەکان بایەخی زۆریان بۆ ئەو کارانە هەیە کە من دەیکەم.**
- **هەمیشە ویستوومە بتوانم کاریگەری دابنێم.**

***

**پێش ساڵێک لێدانی ژن لەلایەن مێردەوە، لە کوردستان قەدەغە کرا. هەروەها ئەو کەسەی کە دەبێتە هۆکاری سووتاندن یان خۆسوتاندنی ژن ئێستا سزادەدرێت.**

- ئێستا بارودۆخەکە لە کوردستان زۆر باشترە لە وڵاتانی دراوسێ، مەهاباد قەرەداغی دەڵێ ژنان لە ساڵی 1992 ەوە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە بۆ پەرلەمان، ئێستا 25% ی نوێنەرانی پەرلەمان ئافرەتن.

**مەهاباد قەرەداغی یەکێکە لە ناسراوترین نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان. ئەم سێزدەساڵەی دوایی، دوای ئەوەی لە کوردستانی عێراق دەرچوو، لە "تیرەسوێی ستۆکهۆڵمەوە" وە دەستی بە کارەکانی کرد. خۆی دەڵێ هێمنی ئەوێ وای کرد زۆربەی کاری نووسینەکانم کە 23 کتێبن و، وتارەکانم لەسەر پرسی ژنان و ئاشتی و ئازادی کوردستانن، ئەنجام بدەم. لە سوێد ئەم نووسەرە تەمەن 39 ساڵییە، جگە لە فێربوونی زمان و خوێندنی پەروەردە و کۆمەڵناسی، خۆی بە سیاسەتی یەکسانی ئێمە ئەزموندار کردووە.**

**کاتێ مەهاباد قەرەداغی چاوپێکەوتنی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی وەزیرانی کوردستان کردووە، داوای لێکردووە کە بۆ پرسی یەکسانی ببێ بە ڕاوێژکاری. ڕاگەیاندنی دەستبەکاربوونی لە 8 ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دا ڕووی دا. ئەو دەڵێ**

- هەمیشە ویستوومە بتوانم کاریگەری دابنێم.

**بە چواردەساڵی، مەهاباد قەرەداغی ساڵێک لە زیندان نراوە چونکە لەسەر ئاشتی، ئازادی و خۆشەویستی بە کوردی نووسیویەتی. ئەمانەش لە ڕژێمی عێراقی پێشوو وەک هێزێکی داگیرکەر، قەدەغەبوون.**

- ئەوان ئەشکەنجەیان دام، بە جگەرە سوتاندمیان و هەڕەشەی زمانبڕینیان لێکردم. بەڵام من بەردەوامیم دا بە نووسین، تەنانەت لە زیندانیش دەمنووسی. لەسەر دەستماڵی کاغەزین دەمنووسی. ڕۆژێک کە باوکم هاتبوو چاوی پێم بکەوێ، لە کاتی خواحافیزیدا باوەشمان بەیەکتر کرد و بێ ئەوەی ئەو یان کەسی تر هەستی پێ بکات پێنووسەکەیم لە گیرفانی سەرسنگی دەرهێنا، بەوە دەمنووسی.

**ئەوە مامی مەهاباد قەرەداغی بوو کە یەکەمین بەرهەمی بۆ بڵاوکردەوە، باوکی زۆری دەخوێندەوە و زۆریش هانی داوە بۆ نووسین. باپیری شاعیر بووە و دایکی نەخوێندەوار بووە، وەک 40%ی دانیشتوان کە هێشتا نەخوێندەوارن.**

- **چی زیاتر هانیدای کە خەبات بۆ ژنان بکەی؟**
- ئەوەی ڕوویدا کاتێ بوو کە تەمەنم پێنج ساڵ دەبوو. من لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەگەڕەک یاریم دەکرد، لە ناکاو دەنگی تەقەی دەمانچەیەکمان بیست لە ماڵە دراوسێیەکەوە. چووم بۆ ئەوێ و بینیم دایکەکە ناگری. هەر ئەو ساتە کوڕەکەی لەسەر شەرەف خوشکەکەی خۆی کوشتبوو. دایکەکە پێی وابوو کوڕەکەی چاکی کردووە، کچەکە شەرمەزاری هێناوەتە سەر خێزانەکەیان.

**کوشتن و توندوتیژی بەناوی شەرەفەوە هێشتا ئاساییە. بۆ نموونە ئەو کچانەی کە لەبەر بەزۆربەشوودان هەڵدێن، یان لەبەر لێدانیان لە لایەن کەسوکارەوە.**

- هێشتا زۆر ژن ناچار دەکرێن خۆیان بکوژن، یان خۆیان بسوتێنن. ئەم حاڵەتانە لە گوند و شارۆچکەکاندا زۆرترە.

**دەتوانێ زۆر ڕقهەڵسێن بێ کە بوترێ ژن هەمان مافی پیاوی هەیە. هەتا ئەگەر لە لایەن سەرۆکی وەزیرانیشەوە گەرەنتی کرابێت. مەهاباد قەرەداغی پارێزگاری لێ دەکرێت کە سەفەرەکانی دەکات و سیمینار و کۆبوونەوەکانی دەکات. بۆ سیمینارەکانی پیاوان زیاتر لە ژنان ئامادەبوون.**

- سەبارەت بە مافەکانی ژنان قسەیان بۆ دەکەم.

**بە پێی داب و نەریت ژنان زۆربەی کات لە ماڵێن، بەڵام دیدار و کۆبوونەوەی تایبەتیشی لەگەڵ ئەواندا دەبێت.**

- زۆر لە ژنان خۆشیان باوەڕیان وایە کە لاوازن. زۆربەی پیاوانیش حەزیان لە ژنی لاوازە. پێویستە لێی بکۆڵینەوە بۆچی ئەوان وا هەست دەکەن و کێشەکانیان چییە، بۆ ئەوەی دواجار بە بەرنامە و ڕاهێنانی تایبەتی ئەو خووڕەوشتە بگۆڕین.

**هەروەها بەهۆی بەرنامەی تیڤی، ڕۆژنامە، شانۆگەری و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، مەهاباد دەیەوێ پەیام و بایەخی یەکسانی بڵاوبکاتەوە.**

- **چ بەڵگەیەکت پێیە بۆ ئەو کوڕانەی کە بەرهەڵستی دژ بە کچان و مافی یەکسانیان لەگەڵ ئەوان، دەکەن؟**
- من زانست دەکەمە بەڵگە. بەوانەی کە پێیان وایە خودا ئافرەتی بۆ پیاو دروستکردووە، دەڵێم جەستەی ژن ژیان دەخوڵقێنێ. ئەوە باشترین بەڵگەیە کە لێمی وەربگرن. لاوەکان بایەخی زۆریان بۆ ئەو کارانە هەیە کە من دەیکەم.

- **ئایا تووشی کەسانی شەڕانگێز دەبیتەوە؟**
- **بەڵێ!**

**مەهاباد قەرەداغی دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە لایەن هەندێ مەلاوە بەرهەڵستی کراوە، هەروەها لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتدا کامپانیای ڕقەبەرایەتی دژی دەکرێت.**

- هەموو ئاینەکان ژن دەچەوسێننەوە، نەک بە تەنها ئیسلام. زۆر باوەڕی دیکەش لە کوردستاندا هەیە. یاساکان پێویستە لەسەر بناغەی پرنسیپە مرۆییە گەردوونییەکان دابڕێژرێن نەک لەسەر بناغەی ئایینەکان.

**مەهاباد قەرەداغی دەیەوێ زۆر یاسای تر لە کوردستاندا دابنرێت کە پارێزگاری لە مافەکانی ئافرەتان بکات.**

- **وەکو چی؟**
- هەموو جۆرێکی دەستدرێژی لەسەر ژنان قەدەغە بکرێت، نەک تەنها دەستدرێژی هاوسەر بۆ سەر ژنەکەی. هەروەها قەدەغەکردنی وتەی ڕووشێنەر دژ بە ژنان وەک ئەوەی "ژن لاوازە". هەژاری و نەخوێندەوارییش هۆکارن لە کوشتنی ژنان بە

پاساوی شەرەف، دەبێت چارەسەر بکرێن. گفتوگۆی ئەوە دەکەین یارمەتی "دەرماڵە"ی منداڵان و، دەرماڵەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەبێت.

**دوێنی بیستوویەتی کە  پیاوێکی گەنج خوشکەکەی خۆی کوشتووە. بەڵام ئەو پەشیمان بووەتەوە لە کوشتنی خوشکەکەی دوای ئەوەی زانیویەتی خانەی پاراستنی ژنان هەیە. براکە نەیزانیبوو ئەو شوێنانە هەیە کە کچانی بەرکەوتوو دەگرێتە خۆی و دەتوانن درێژە بە ژیان بدەن بە شێوەی نهێنی.**

- **شتێک هەیە کە ئێمە لە سوێد لە کوردستانەوە فێر بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەناوی شەرەفەوە؟**
- بەڵێ، سوێد پێویستە گوێ لە ژنە بەرکەوتووەکان بگرێت. فادیمە شاهیندال لە پەرلەماندا قسەی کرد. بەڵام پرسەکەی بە جیدی وەرنەگیرا کاتێ لە ژیاندا بوو. ئەوە هیچ سوودێکی نییە کە بڵێن خەڵکێک هەیە دواکەوتووە. من چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە حکومەتی سوێد هاوکاری حکومەتی کوردستان و وڵاتانی تر بکات بۆ ئەم مەبەستە.

**لە هاویندا دواکتێبی (ساڵێک لە دۆزەخ) دەگاتە دەستی خوێنەر، سەبارەت بە ئەزموونی زیندانی خۆی. لە کۆتایی مانگی جوون دا مەهاباد قەرەداغی تیرەسوێ بەجێدەهێڵێ و لەگەڵ کچەکەی و هاوسەرەکەی دەگەڕێنەوە گەرمایی کوردستان. تەواو هوشیارە کە کاری یەکجار زۆر لە بەردەمیدایە، وەک هەمیشە.**

...

**سەرچاوە:**
www.paraplyprojekt.se